# چەند سەرنج و تێبینیەك لە سەر دادگای ئەنفال

**عەدالەت عۆمەر سالح**
**چالاك لە بواری ئەنفال**

لە 2006\8\21 دادگایی کردنی سەدام و دار دەستەکەی لە سەر تاوانی جینۆسایدی ئەنفال دەستی پێ کرد واتەبۆ یەکەم جار جینوسایدی ئەنفال لە قالبێکی یاسایی راگەیاندرا کە ئەمە دەستکەوتێکی گەورەو مێژوویی بوو بۆ کورد لەئاستێکی سیاسی وهەنگاوەنان و کردنەوەی لاپەرەیەکی نوێ بۆ بەدەست هینانی خواستەکانی گەلی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیك هەر لە دەستپێکی دادگایی کردنەکە مشت و مڕ لە سەر چۆنیەنتی بەرێووچوونی دادگاکە لە لایەن چاودێرانی سیاسی لە دەرەوەو ناوەوە و شارەرەزا و پسپۆر لە بوارەکە شەقامی کوردی بڵاو بووە لێرەدا مەبەستمان تیشکەکە بۆ هەموو ئەو شتانەی گوی بیستی بووم وەك کەسێك لە نزیکەوە ئاگام لە چونیەتی کار کردن لە سەر ئەم فایلە هەبووە کە لەماوەی 2ساڵ بۆ کۆ کردنەوەی بە دەیان کیشە گیر و گرفتی لە سەر رێگا هەبووە کە بە هەول ٌو کوششی خەم خورانی ئەنفال توانرا ئاستنگەکان لا بدرێت تاکو بگاتە ئەمەی ئەمرو کە لە راپۆرتی تێر و تەسەلی داواکاری گشتی بەدی دەکرا .

ئەو کەسانەی رخنە و پیشنیار سەبارەت بە شایەدەکان, وەرگێرەکان, پارێزەرەکان ,دادەوەر ئاراستە دەکەن زۆربەیان لە دەرەوەی بازنەی ئەم کارەساتە گەورەیەدان کە دڵنیام مەبەستیان خەمخوری و سەرکەوتنی پرۆسەی دادگاییەکەیە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان و سوود ورگرتن بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانمان وەك کورد هەر بۆیە بە پیویستم زانی لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بدوێم.

1- سەبارەت بە شایەدەکان کە زۆربەی رەخنەکان لە بارەی ئەوان بوو لە سەر بەهێزبوون یان بەهێز نەبوونیان کێشەی خەڵکی ئیمە ئەوەی دەیەوێت هەموو کارەساتەکەی کیمیاباران و ئەنفال هەموو تاوانەکە لە لایەن چەند شایدێك ولە چەند دانیشتنی بەرێوچوو باس بکرێت ,ئەگەر رخنەگەران پەلە نەکەن لە دانیشتەنەکانی داهاتوو خەڵکانێك بەشداری لە شایدیدان دەکەن کە لە ئاستی دەسەلات دان, جێگای داخە کە رخنەگران بێ ویژدانانە باس لە ئەوە دەکەن کە بۆ خەڵکی نەخویندەوار یان بێ ئاگا و... بردراوە؟ پێم وایە ئەوەی ئەم باسە دەکات ئاگای لە ئەوە نییەکە زۆربەی زیان لێکەوتووان دانیشتووی گوند و دێهاتەکانی کوردستان بوون و یەکێك لە سیاسەتەکانی رژێمی رۆخاوی بەعس نەخویندەوار هێشتنەوەی گەلی کوردستان بوو بۆ ئەوەی هە میشە ژێردەست بێت هەروەها ئەم کەسانە ساڵانێکی زۆرە بە دەست کیشە وگیر و گرفتی کۆمەلایەتی و نەخۆشی دەرونی بە هۆی ئەم زبر وزەنگەی بەرامبەریان بەکار هاتووە دەناڵێنن ودورن لە خزمەت گوزاریەکان و ناوەندی روشنبیری و ماوەی 18ساڵە لە چاوەروانی و محنت دا دەژین راستە ئەوان نەخویندەوارن بەڵام بێ ئاگا نین, بۆ نمونە کیشەی گەورەمان هەبوو کە زوربەی ئەو کەسانە میژووی کاتی ئەنفالکردنیان نەدەزانی وەك ئەوەی لە بابەت و لێکۆلینەوەکان باس دەکرێت بۆ نمونە دەڵێن ئەو ساڵەی ئەنفال کراین یان مانگی رەمەزان بوو یان پاش نەورۆز بوو کە تحقیق دەکرا دەزانرا کە لەساڵی 1988 چیٌ مانگێگ رەمەزان بووە یان کام قۆناغی ئەنفالی پاش جەژنی نەورۆز بووە, ئەوەی لێرەدا رون ئاشکرایەکە شایەدەکان ئەو واقیعەی بینیویانە دەگێرنەوە جا بە هێز بن یان نا ئەوانە خەڵکانی پسپۆر و سیاست وان و دبلۆماسی نین کە بتوانن لە بنج وبنەوانی کارەساتەکە بکۆڵنەوە بۆ سەدام دار دەستەکەی شی بکاتەوە ,دەبی ئەوە بزانین کە دادگا لەگەڵ مێژگردێکی تەلەڤزیونی جیاوازی هەیە کە سوود لە خەڵکانی پسپۆر و شارەزا وەردگرێت بە پیًی لێکۆلینەوەکان ئەوانەی لە ئەنفال گەرانەوە واتە کەس و کاری قوربانیان 88٪ نەخویندەوارن وئەوانەیتر کە رێژەی 12٪ پێك دینن لە ئاستی خویندن و نوسین و سەرەتایی و بەرزترین پلەش ناوەندین مەبەستم ئەوانەی دەتوانن شایدی دەر بن چونکەمنداڵانی کەس وکاری قوربانیان کە لە کاتی ئەنفال لە تەمەنی پیویست دانەبووینە کە ئیستا شایدیان وەربگیرێت هەر چەندە ئەوانیش ئیستاکە تەنیا 5٪ توانیویانە بگەنە ئاستی زانکو زوربەیان هەر لە

قوناغی سەرەتایی وازیان لە خویندن هیناوە لە بە کیشە و گیروگرفتەکانیان کە ئەمەیان باسێکی ترە لێرەدا هەڵناگرێت( لێکۆلینەویەك تایبەت ئەم باسم خستتوتە رۆ و بڵاو کراوەتەوە ) جگە لەم شتانەی لە سەرەوە باس کرا دادگا و دادەور بریاردەرن بۆ بانگهیشتکردنی شایدەکان .

2–لە بارەی وەرگێرەکان ئەمەی ئیمە ئاگادارین هەموویان لە لایەن دادگای باڵا دەست نیشان کراوەن کە لە بەر مەسەلەی ئەمنی و پاراستنیان زۆر بە نهینی ئەنجام دراوە بەڵام دەرنگ نەبووە دەتوانرێت بگۆردرێت چونکە تاکو ئیستا دادگایی لە سەر ئەنفال دەستی پیَ نەکردوە, هەر چەند بۆ مەسەلەی کیمیابارانی بالیسان و شیخ وسانان کە لە 16\4\1987 ئەنجام دراوە وەرگێرەکان بەشیك لە ووتە گرنگەکانی شایدەکانی برِی و کەسیش دەنگی لێوە نەهات کە پێویست بوو پارێزەران رۆنکردنەویان هەبا,سەبارەت بە نوسینەوە لە کاتی دادگایەکە ئەوندەی ئیمە ئاگادار کراینەوە بە شیوەی کورت کراوە دەنووسرێت بە بۆ تەتبیق کردن لەگەڵ ایفادی وەرگیراو لە پێشوو کە ئەمە زەرەری بۆ کەیسەکە نابێت .

3–سەبارەت بە پارێزەرەکان کە خۆبەخشانە هەستاوەن بۆ بەرگری کردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال لە لایەن سندیکای پارێزەرانی کوردستان هیچ لایەنێکی حزبی یان حکومی رۆڵی لە دەست نیشان کردنیان دا نەبووە هەر کەسێك بە ئارزووی خۆی بەشداری کردووە هەر چەند دەبی خەڵکانی خاوەن ئەزموون زیاتر بەشداریان کردبا بەڵام دیارە قەناعەتیان نەهیناوە, چونکە ئەم جورە دادگایە بە نیسبەت عیراق بە گشتی وکوردستان بە تایبەتی ئەزموونێکی تازەیە بە هەر حاڵ سندیکای پارێزەران دەبیَ زیاتر هاندەریان بێت و رینمایی پێویستیان  بکات بۆ ئەوەی لە کاتی پیویست مداخلە بکەن بۆ ئەوەی بە هێزتر بین لە مەر چەسپاندنی مۆرکی جینوساید لە سەر تاوانی ئەنفال .

بەشیوەیەکی گشتی  دەتوانین بڵێین دادگایی ئەنفال لە هەموورویەکەوە لەم چەند دانیشتنە رەوتێکی باشی هەبووە چ لە لایەن دادەوەر چ لە لایەن داواکاری گشتی و پارێزەرانی کورد و شایدەکان بەڵام ئەوە ئایندە رون دەکات کە کیَ براوەیە و کیَ دۆڕاو کە بە ڕای من کەیسی ئەنفال و گەلی ستەمدیدەی کوردستان براوەن و ئاواتی سەربە خۆیی لە ئایندەیەکی نزیك چاوەروانمان دەکات .